له بڵاوکراوەکانی
بنکەی هەنگاو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی

ئەندرەنین

# شوراکانی نوێنەرەی دەسەڵاتی زەحمەتکێشان

وەرگێڕانی
سەلاح ڕێبوار

چاپی یەکەم ١٩٨٦

پێشکەشە :ــ

بە هەموو ئەوانەی لەپێناوی ئازادی مرۆڤ دا

سەریان نایەوە •

سەلاح

# واتەی شورا

شۆڕشی روسیە ووشەی روسی ( سۆڤیەت ) کە بەتەواوی مانای کۆمیتە ئەبەخشێ ، بۆ هەمیشە هێنایە نێو فەرهەنگی تەواوی وولاتان ، شوراکان کە پێکهێنەری پایەی بنچینەی ئۆکتۆبەر بوون ، بە پێچەوانەی بۆ چوونی هەندێ کەس ، دیاردەیەکی روسی رووت نەبوون ، بەڵکو شوراکان شێوەیەکی رێکخستن و خەبات بوون کە چینی کرێکاری روسیا و پرۆلیتاریای گشت وولاتان هەلیانبژاردبوون ، ئازادی کرێکارانی سەرتاسەری جیهان لە کۆپانی چەوسانەوە بە شیوەیەکی توند و تۆڵ بە سەرکەوتنی شوراکانەوە بەستراوەتەوە •

شوراکان لە شۆڕشی یەکەمی روسیا ١٩٠٥ بەدیار کەوتن و هاتنە مەیدان ئەوانە لە دەست، پێشخەری یەك حیزب یا گروپی سیاسی نەبوون بەڵکو ئەنجامی جولانەوەی خۆبەخۆی جەماوەرو پەرەسەندنی رووداوەکان و هەڵگیرسانی شۆڕش بوون ، خۆ شوراکان هەر لە خۆیانەوە شین نەبوون ، ئەوانە ئەنجامی گۆڕان و پەرە سەندنی رێکخراوەکان بوو کە بە درێژایی خەبات بە سەریاندا هاتبوو ، شوراکان لە هەندی باردا بە شێوەی رەوتی ئاسایی مانگرتن هاتنەکایە لە لایەکی ترەوە بە شێوەی کۆمیتە لە نێو کارخانەو کارگاکاندا ، ئەو کۆمیتانە لە سەرەتادا هیچ رۆلێکیان نەبوو جگە لەوەی سەرپەرشتی بزوتنەوەی مانگرتنیان دەکرد ، جا وورده وورده لە ژێر کاریگەری روداوە شۆڕشگێڕانەکاندا گۆڕان بۆ نوێنەری سەرتاپای چینی کرێکارو بە هاوکاری حیزبە کرێکاریە جۆربە جورەکان یەکگرتنی خەباتیان بەدی هێنا •

هاتنە ئارای ئەو رێکخراوانە رۆلێکی گرنگی لە رەوتی بەرەو پێشەوە بردنی شۆڕشی ١٩٠٥ بینی • وە ئەگەر ئەوان نەبوونایە بزوتنەوەکە لە ژێر کۆنترۆلی پرولیتاریا دەچوە دەر ، چونکە پێش هاتنە کایەی ئەوانە ، رێکخراوی بە ئاشکرا لە ناوەروك برژوازی سەرۆکایەتی بزوتنەکەیان دەکرد ، کە ئەوانیش لاری یان کردبوو لە ژێر

سەرکردایەتی پرۆلیتاریایان وەدەر دەناو دەیانکردە پاشکۆی برژوازی لیبرالی ، وە هەروەها بەبی ئەو رێکخراوانە کە لە ژیرەوە پرولیتاریا ئاگری قارەمانیەتی هەلگیرساندبوو ، بزوتنەوەی ١٩٠٥ نەیدەتوانی ببێتە راپەڕین ٠

لە راستیدا شوراکان رێکخراوی تەواو بی رابردوو بوون ، لەگەڵ تەواوی ریکخراوەکانی دیکە جیاواز بوون ، شوراکان بە هوی چینە شۆڕشگێڕەکان لە دایك بوون (کرێکاران ، جوتیاران ، سەربازان ، زەحمەتکێشان) ٠ لە بنچینەدا هاتنە کایەی ئەوانە بە پیی یاسا نەبوو بەڵکو لە سەر بنچینەی رێبازی شورشگێڕانە و تێکوشانی راستەوخۆی جەماوەری چەوساوە بوو ، هێدی هێدی گۆڕا بۆ ئامرازێکی راپەڕین و نۆبەرەی دەوڵەتی ئایندەی پرۆلیتاریا ٠ هەروەها لینین لە بابەت شوراکان نووسیویە :

ئەوانە بە جورێك كاريان دەكرد هەر دەتگوت بەڕا- ستی دەسەلاتداربوون ، بۆنمونە ، چاپخانەیان بە تەواوی دەگرت ، ئەو سەرۆکی پۆلیسانەی یەخەگیری خەباتی خەڵکی شۆڕشگێڕ لە پێناوی وەدی هێنانی مافی خۆیان دەبوون دەسگیریان دەکردن ، خەڵکیان هاندەدا کە پارەو پول نەدەن بە دەولەت ، وەکو دەسەلاتێك كاريان دەكرد ، ئەوانە زەخیرەو پولی دەولەتیان زەوت دەکرد و بو پێو- یستیەکانی دەوڵەتی نویێ ، دەوڵەتی شۆڕشگێڕانە و پشت بە جەماوەر بەستویان تەرخان دەکرد٠

هەروەها لینین دەیگوت :

ئەو ئۆرگانە دەوڵەتیانە نوبەرەی دکتاتۆری بوون ئەوان هیچ دەسەلاتی تر و هیچ یاسای ترو ، هیچ سیستەمی تریان جالە هەر سەرچاوەیەکەوە بوایە بە رەسمیەت نەدەناسی ، یەك دەسەلاتی بێ سنوور

و بەرزتر لە یاسا ، کە بەمانای واقیعی بە هێزەوە بەسترابێتەوە شتێکی لە دیکتاتۆری بەو لاوە نییە بەلام ئەو هێزەی کە ئەو دەسەلاتە نوێ یە پشتی پی بەستبوو ، نەبە زەبری سەرە نێزەو ، نە بە زەبری پارەو نەبە هێزی هیچ رێکخراویك بوو ،وەنە هیچ شتێکی لەو بابەتانە ، ئەو دەسەلاتە نە چەکی لە خزمەت دابوو نەپارە وە نەدەسگا کونەکان، ئەدی ئەو هێزە پشتی بە چی بەستبوو ؟ بە جەماوەری خەلك : ئەوە رووی راستی ئەو دەسەلاتە نوێ یە بوو بە بەراوردکردنی لەگەل دەسەلاتی رابردوو ، کە ئەوان ئامرازی دەسەلاتداریەتی کەمینەی خەلك بوون دژی جەماوەری کرێکار و جوتیاران • ئەوانەش ئامرازی دەسەلاتداریەتی خەلکن کرێکار و جوتیاران ، دژی کەمینە ، دژی گورزی سەرۆکی پۆلیس و پیاو ماقولان و فەرمانداری پلەو پایە دارەکان )•

هەرچەندە حیزبە کرێکاریەکانی روسیا لە سەرەتادا ، دەرکیان بە گرنگی شوراکان نەدەکرد ، بەلام پاش ماوەیەکی کەم بەلشفیکەکان یەکەمین کەسانی بوون پەیان بەوە برد کە شورا وەکو پیشەبەرەی همنگاوی راپەرین گونجاوترین چوارچێوەیە لە پێناوی وەدیهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی سەرتاسەری لە کەسانی شۆرشگێری پرۆلیتاریا ، وە هەر ئەوان بوون کە رۆلی بنچینەییان لە شوراکان بینی •

گومان لەوەدانیە کە پرۆلیتاریای روسیا ،بە هاتنە کایەی شوراکان شێوەیەکی نوێی ریکخستنی کریکارانەی پیشکەشی پرۆلیتاریای جیهانی کرد ، وەلە راستیدا شورکان ریکخراوی سەرتاپا شۆرشگێرن و ئامانجیشیان گۆرینی دەست بەجی ی و بنچینەیی تەواوی پەیوەندیەکا-

نی کۆمەڵایەتی یە و بوونیشیان لە کاتی کزبوونی خەباتی چینایەتی شتێکی سەرسوڕهێنەربوو ، ئەو رێکخستنە نوێ یە لە نێو کرێکارانی روسیا زۆر بەرێز بوو ، کرێکاران ئەیانگوت ( هەرچی شورا بلی ئیمە جێ بەجێ ی ئەکەین ) • وەلە راستیشدا ئەوان بە دەوڵەتی خۆیان لە قەڵەم دەدا ، هەرگیز رێکخراویکی ئاوا کە متمانەی بی حەددو حیسابی لە قەبەل دابی و لەوانەوە ئاوا نزیك بێ تائیستا دروست نەبووە، کریکاران نوێنەری خۆیان بو شورا هەڵدەبژارد ، هەر نوینەریکیش کە لە لایەن کەسانیکەوە هەلبژێردرابوایە بەرپرسیاری کارەکانی خۆی بوو ، زۆر جاران وارێدەکەوت کە ئەگەر نوێنەرێ کاروبارەکانی خۆی بەباشی ئەنجام نەدابایە دەسەڵاتی لێ ئەستیندرایەوە ، شوراکان ریکخراویك بوون کە بەتەواوی پشتیان بە جەماوەر بەستبوو ، بەکارو باری دیموکراتی بەرفراوان •

ئەرك و رۆڵەکانی شورا لەگەڵ هەلو مەرجی کات و شوێن دەگۆڕی لە سەرەتادا لەوانەیە بەشێك لە ( کۆمیتەی مانگرتن بن ، دوایی ووردە ووردە بگۆڕێن بۆ ریکخراوی نوێنەری تەواوی چینێك ، لە پاشان بۆ رێکخراوی راپەرین و نۆبەرەی دەسەڵاتدار ، بەکورتی ، هاورێك لەگەڵ هەنگاوەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا ، بەراستی شوراکان شێوەیەکن کە دەوڵەتی زەحمەتکێشان یا دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەگرنە خۆیان ، هەر بەو پی یەش شێوەی شورایی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، شێوەی ریکخستنی پرۆلیتاریا وەکو دەسەڵاتداریەتی دەوڵەتە ، دەوڵەتی کەلەوانەیە سەرکردایەتی سیاسی تەواو بنیات بنێ و بگۆڕێ بۆ ئامرازێکی بە هێز لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی •

## کارەکانی شوراکان لە روسیا

بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٩٠٥ بە خێرایی کاری کردە سەر جەماوەری کرێکارانی کەلە ژێر تەقری چەوسانەوەدابوون ، بە تایبەتی

لەو ناوەندیە کرێکاریانەی کە هەڵچوونی شورشگیرانە لە حەدی خۆی تی پەڕیبوو ، ئەوەلین شیوەی خەباتی رێکوپێکی کرێکارانی روسیا رێکخراوی شوراکان بوو ، یەکەمین شورا لە ( ئەیوانو وسەنسنسك )کە گرنگترین ناوەندی پیشەسازی پارچە چنین بوو هاتە کایە، لە مانگی مای ١٩٠٥ مانگرتنی کرێکارانی پارچە چنین دەستی پێ کرد ،ئەو مانگرتنە گۆڕا بۆ یەك مانگرتنی سەرتاسەری و رۆڵێکی گرنگی لە مێژووی بزوتنەوەی کرێکارانی روسیا بینی ٠ لە کۆبوونەوەی مانگران کە سێ هەزار کریکار هاوبەشی تێدا کردبوو ،دەستەیەکی شورایی کە لە ١١٠ نوینەر پیکهاتبوو بۆ هامو شۆ و هەلسوڕاندنی کاروبارلەگەڵ کاربەدەست و فەرماندارانی دەولەت ، لە لایەن گشت کریکارانەوە هەلبژێردران بو ئەوەی سەرۆکایەتی مانگرتن بگرنە دەست خۆ ، ئەو کۆمیتەیە چ لەرووی فۆرم و چی لەرووی چۆنیەتی کۆمیتەیەکی مانگرتنی ئاسایی نەبوو ، بەڵکو هەر لە سەرەتادا پەیوەندیەکی نزیك لە مابەینی شورا و حیزبی سوسیال ـ دیموکرات دروست بوو ٠

شورا هەر بە زوویی لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی لە وولاتدا بەرپا دەبوون ، گرنگیەکی بی پایان و شۆڕشگێڕانەی لە رووی چۆنیەتی یەوە وەدەست، هینا ، دەسەڵات و ریزی ئەوان لە پلەو ئەندازە کردن بەدەر بوو ، هیچ شتەك بەبێ رەزامەندی شورا لە چاپ نەدەدرا ، شورا بێ ئەوەی مۆلەت لە هیچ کەس وەربگری بۆ کۆڕگیڕان و کۆبوونەوە ئازادانە سوودی لە شوێنە گشتیەکان وەردەگرت ، هەروەها شورا پارێزگاری کارخانە و شتومەکی گشتی شاری رێکدەخست ، و لە تەواوی ئەو ماوەیەی سەرکردایەتی روداوەکانی لە دەست دابوو ، تا بگرە، کارێکی خراپکارانە یان دەست پیسیەك رووی نەدا ٠

شورا زنجیرە بڕیارێکی دا کەلە ناوەرۆکدا تەواو سیاسی بوون ، پەیامی گشتی نوێنەرانی شورا کە هەروەها هەزاران مانگر لە سەری مۆر کردبوو درایە وەزیر ، کەلەو پەیامەدا بەیاننامە ، ئازادی کۆبوو-

نەوە و گردبوونەوە بەدەوری یەکا ، و بانگەوازی ئەنجومەنی دامەزرێنە -
ران داوا کرابوو ، کومسیونیان بۆ کوکردنەوەی پارە بۆ بێکاران دەگرت
، لە شکریان بۆ پارێزگاری کارخانەکان و شتی تر رێکدەخست ، هەرلە
دوای دامەزرانی شورا دەسبەجێ دەستەیەکی سەرۆکایەتی لە پێنج کەس
پێکهات ، بێ گومان ئەوەش دەستەیەکی وەکو کومیتەی کارگێری
شوراکان بوو کە لە دواییدا لە جێگای جیا جیای وولاتا پێکهات •

پلنومەکانی شورا هەموو رۆژی بەیانیان کاتژمیری نۆ دەستی پێ
دەکرد ،دوای کوتایی کۆبوونەوە ، کۆبوونەوەی گشتی کریکاران دەستی
پێ دەکرد و کە تەواوی مەسەلەکانی مانگرتنی تێدا شێ دەکرایەوەو
چۆنیەتی بەردەوام بوون لەسەر مانگرتن و راوێژ کردن لەگەل فەرمانرەواو
دەسەلاتدارانی دەولەت و هتد •••• تەواوی ئەوانە رەچاو دەکران ،دوای
لێکولینەوەی پیشنیارەکانی شورا ئەدران بە کوبوونەوەی گشتی ، پاشان
تێکوشەرە حیزبیەکان ووتاری بە جوش و خرۆشیان لە بابەت باری چینی
کرێکار ئەخوێندەوە ، کۆبوونەوەکە تا ماندوبوونی گشت دانیشتوان
درێژەی ئەکێشا ، دوای ئەوە خەلکەکە بە سروودی شۆرشگێرانە کۆتاییان
بە کۆبوونەوە دێنا ، ئەو کارە هەر رۆژە دوبارە ئەبۆوە •

پاشەکشەی بە ئاشکرای فەرماندارەکان لە بەرامبەر پلانی کۆتایی
هێنان بە مانگرتن ، بەلام ئەندامانی شورا لە گێرانی رۆلی نوێنەرایە-
تی کرێکاران هەربەردەوام بوون ، لە هەموو کارخانەکان کرێکاران
ئەوانیان بە نوێنەری خۆیان دەناسی ، وەلە تەواوی بەرخوردی کرێکاران
لەگەل دەسگا کارگێریەکان ئەوان وەکو نوێنەری جەماوەری کرێکاران
دەجولانەوە ، هەروەها فەرماندارانیش ناچاربوون بەم کارە رازی بن •

نمونەیەکی تری ئەو تاقی کردنەوەیە لە پەتروسبۆرگ بوو ، پەترو -
سبۆرگ لە روسیا بە ناوەندی بزوتنەوەی شۆرشگێرانە دەژمێردرا ، لە
ئۆکتۆبەری ١٩٠٥ رێکوپێک ترین شێوەی رێکخستن واتە شورای نوێنەرا-
یەتی کرێکارانی هێنایەدی ، ئەوەش کارێکی گرنگی کردە سەربزوتنەوەی
شۆرشگێرانە لە سەرتاسەری وولات •

ئەو شورایە لە تەنگترین کاتەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە بە دیار کەوت لە یەکەمین پلنومی شورا دا بەیاننامەیەکی روو بەروو بۆ گشت کرێکارانی ژن و پیاو خوێندرایەوە و بڕیاری لەسەر درا ، لەو بەیاننامەیەدا ئاوا هاتبوو ( نابی لێبگەرێین مانگرتن پەرت و بڵاوبێ و خامۆش بێتەوە ، هەربەو دەلیلەش نەخشەمان کێشاوە کە سەرۆکایەتی ئەو بزوتنەوەیە بدرێتە دەستی کۆمیتەیەکی کریکاری هاوبەش ، لە هەر کارخانەیەك ، هەر کارگایەك و هەر شوێنێکی پیشەیی دیکەپێشنیار دەکەین کە نوێنەری خۆیان ، بەرێژەی لە جیاتی هەر پێنج سەد کەس یەك نوێنەر هەلبژێرن ، وە هەروەها نوێنەرانی هەر کارخانەیە و کارگایەك کۆمیتەی کارخانە یان کارگە پیك بێنن ، نوێنەرانی تەواوی کارخانەو کارگاکان کومیتەی گشتی کریکارانی پەترۆسبۆرگ پێك دێنن ، هەربەو پێ یە نوێنەرانی کرێکاری ، دەسگای رەسمی شوراکان هاتە کایەو هەموو لایەکی گرتەوە ، نوێنەری هەموو توێژەکانی کۆمەڵ لەو شورایەدا رێکخران ، نوێنەرانی زۆربەی هەرە زۆری کرێکارانی پایتەخت ،کارمەندان و موچەخۆرانی کارگێڕیەکان و ... هتد٠ بەلام لە شوراکاندا ئەندامانی حیزبە شۆڕشگێڕەکانیش هاوبەشیان هەبوو ، بەدەردی لینین گوتەنی :

شورا یەکیەتی یەکی کاریگەری سوسیال ــ دیموکراتی شۆڕشگێڕ ، کرێکارانی شۆڕشگێڕ و دیموکراتی شۆڕشگێڕی بە ئەنجام گەیاند ، هەڵبەتە لە هەمانکاتدا لەو خاڵە هەم بە هێزی و هەم لاوازی شورای داپۆشیبوو٠

بە هیزیان لەوە دابوو کە تەواوی پرۆلیتاریایان ریکدەخست و لاوازیشیان ئەوە بوو داهێنان و وزەی ئەو جەماوەری پرولیتاریا حەشاماتە تا رادەیەك لەبەر خاتری دودڵی و باوەر بەخۆ نەبوونی ووردە برژوازی رادیکاڵ بێ بەرهەم دەبوو ، تالە کۆتاییدا ئەو لایەنەی لە خۆیەوە هویەکی شکەستی شورا بوو٠

پەترۆسبۆرگ لە سالی ١٩٠٥ ناوەندی تەواوی روداوەکان بوو هەر

له ناو پایتەخت شورا ناوەندی تەواوی بزوتنەوە بوو ، دەلیلی ئـــەوەش پێش هەموو شتێك تروتسکی گوتەنی ، کەخۆی له رەهبەرانی شورا بوو :

ئەوەبوو کە ئەو رێکخراوە پرولیتاریایی و تەنها له چینی کرێکار پێکهاتبوو ، ئەو رێکخراوە هەرلە خۆیەوە شۆرشێك بوو ، سەرەڕای ئەوانەش شورای نوێنەری کریکاران وەکـــو وەلامێ بۆ یەك نیازی بەرجەستە کە رێبازی و رووداوەکەی هەلگیرساندبوو ، وەدی هات ، نیازی بەرجەســــــتە بۆ رێکخراوێك کە خاوەنی ئەو دەسەلات و رێزەبێ، جەماوەری پەرت و بلاوی پایتەخت رێك بخات ، لایەنگیرانی شــۆڕ-شگێڕی جۆراو جۆری پرولیتاریا یەکگرتوو بکات ، کە بـــە جۆرێ توانای داهێنانی کاری هەبێ ، خۆبەخۆ چاودیـــری و سەرپەرشتی کارەکانی خۆی بکات ، وەلە هەموو شــــتێ بەرزتر ئەوەیە کە بەخێرایی و دەست بەجێ دروست بکرێ )٠

هیچ کام له حیزبە شۆڕشگێڕەکان و هیچ یەك لە سیندەکاکان توانای جێ بەجێ کردنی ئەو رۆڵەیان نەبوو ، بەلام ئیلهامی بەرنامەی سیاسی سوسیال ــ دیموکرات بوو ٠ دروشمە بنچینەییەکانیان سەرنگونـــــی رژیمی ئیستا و پێکهێنانی ئەنجومەنی دامەزرێنەران و کــــۆمـــاری دیموکراتیك و هەشت سەعات کار لە رۆژدا بوو ٠

شورای پەترۆسبۆرگ کاروباری سیاسی بە گشتی گرتبوە دەســـتی خۆی ، له دەسەلاتی بێ رابردوو سەرکەوتووبوو ، مانگرتنەکانـــــی سەرتاسەری رێکخست ، هەشت سەعات کاری لە روژێکدا بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە کارخانەکاندا جێ بەجێ کرد ، ئازادی چاپەمەنـــی و کۆبوونەوەی راگەیاند وە دەست بەسەراگرتنی چاپخانەو شوێنە گشتیە-کان ئەو ئازادیەی بە کردەوە پیادەکرد ، کۆمەك کردنی بە کرێکارانـــی رێکخست،بە مانگرتنی سەرتاسەری تزاریسمی ناچارکرد کە کۆتـایـی بە جەنگ دژی پۆلۆنیا بێنێ ، شورا دروشمی ( خۆتان چەکدارکەن ! )ی

بەرزکردەوە ، دروشمێ کە ڕەنگدانەوەی گڕی ئاگری لەنێو پرۆلیتاریـــا بەرپاکرد • لە کارخانەکان گرووپی چەکدار ڕێکخران •

ڕێز و توانای شورا زۆر گەورە بوو ، هەموو خەڵك ، هەموو جەماوە-ری چەوساوە ، تەواوی هەوڵدانە سەر کوپکەرانەئارەزوومەندانـــەکەی دەوڵەت بۆ داخوازیەکانی شورا وەڵامی سوود بەخش بوون ، لە دوایین دەورانی چالاکی شورا ، هاتو چۆی نوێنەری جوتیاران زیاتر بوو بوو پەیوەندی لەگەڵ سەربازان توند و توڵتر ئەبوو •

## بنیاتنانی شوراکان

کارخانەکان بەگشتی قەلای شورا بوون ، هاوسەنگی لە هەلبژاردن بە پێی شار و شاروچکەی جۆربەجۆر جێگەی سەرنج ڕاکێشان بوون، بە-لام لە هەموو جێگایەك بەبێ دریغی تەواوی ئەوکرێکارانەی لـــــە کارخانەکان کاریان دەکرد ، بەبێ دیارکردنی زنجیرەی پلەو پایە لـــە هەلبژاردنی نوێنەران بەشداریان دەکرد ، لە پەترۆسبۆرگ ومۆسکۆ لـــە باتی ٥٠٠ کەس یەك نوێنەر و لە هەندێ شاری تر لەباتی هەر ١٠٠کەس یان ٢٥ کەس یەك نوێنەر هەڵدەبژێردرا ، سەرەڕای ئەوە بە هیچ شێوە-یەك نە هاوسەنگیەك ونە خۆبەستنەوە بە یاسایەکی نەگۆڕ بەدی نەدەکرا ، بە هەرحاڵ لە هەموو شوێنێ شوراکان زوربەی چینی کرێکار یانزیکەی تەواوی چینی کرێکار نوێنەرایەتی دەکرد ، ڕێز و متمانەی ئەوانـــە لە هەندێ جێگا بە رادەیەك گەیشتبوو تا بگرە ووردە کاسبکارانیـــش بۆ هەلبژاردنی شورا ئامادەبوونی خۆیان پیشاندەدا •

باشە ڕێکخستنی شورا چون بوو ؟ لە زۆربەی شوێنەکان کرێکاران ڕاستەو خۆ دەستیان بە هەلبژاردنی شورای گشتی کرد ، لە هـــەندێ شوێنی دیکە ، هاوکات لەگەڵ شورا گشتیەکان شورای خـــۆجـــێ یی هەلبژێردران ، لە مۆسکۆ شورا خوجێ ییەکان ڕاستەوخۆ نوێنەریـــان

بۆ شورای گشتی یان ناوەندی دەنارد ، لە هەندێ شوێنی دیکە ، یەکەم هەلبژاردنی شورا خۆجێ ییەکان دەکرا و لە ئەنجامی کۆی شورا خوجێ-ییەکان شورای ناوچەیی دروست دەکرا .

بە شێوەیەکی گشتی هەر شورایەك بۆ خۆی کۆمیتەیەك یان کۆمیسیونەکی کارگێڕی یان دەستەیەکی سەرۆکایەتی هەڵدەبژارد ، هەر شورایەك بەش بە حاڵی خۆی دەستی بۆ هێنانە کایەی پەیوەندی جۆر بە جۆر درێژ دەکرد ، وەك کۆمسیونی کۆمەك بە بێکاران ، گێڕانی متینگ و بلاوکراوەو پڕوپاگاندە کردن ، خانووی نیشتەجێ و شتی تر ، وە هەر جێگایەکی کە شورا سەرۆکایەتی ڕاپەڕینی دەگرتە دەست یا دەبووە ئامرازی دەسەڵاتی شورا یەکسەر گروپی چەکدار و میلیشیای لێ دروست دەبوو ، سەرەڕای ئەوە هەر شورایەك بە خۆی لێپرساوی ئەو دامو دەزگایانەی کە دەهاتنە ژێر کۆنترۆڵی ئەو ( پۆست و تەلگراف ، ڕێگای ئاسن ) هەڵدەبژارد ، شوراکان لە هێزی سوپایی ئەوەندە کارامە بوون کە بەڕاستی جێگای سەرنج ڕاکێشان بوون .

گشت شوراکان چاپخانە و بڵاوکراوەی خۆیان نەبوو ، هەندێك لەوانە لە دامودەزگای یاسایی یان حیزبی سوودیان وەردەگرت ، لە هەندێ کاتدا چاپکردنی بڵاوکراوە لە ڕێگای وەدەست هێنانی چاپخانە-کان دەبوو ، هەموو شوراکان جۆرە بەیاننامەیەکیان بڵاو دەکردەوە کە لە رووی هاندان و جۆشدان ڕۆڵی گرنگی هەبوو .

## شورا و حیزبەکان

لە یەکەمین شورای کە لە روسیا بە دیارکەوت ، یانی شورای ئایوانۆ و سنسنسك بەو دەلیلەی کە سەرۆکایەتی شورا لە واقیعدا لەبەر دەستی ڕێکخراوی سوسیال ــ دیموکراتی خوجێ یی دابوو ، و مەسەلەی پەیوەندی نێوانی حیزب و شورا بە شێوەی چونیەتی ئەو سەرۆکایەتیە دەهاتە پێش .

کەچی لە پەترۆسبۆرگ ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی زۆر توند هاتبوە ئارا ، بە هەمان شێوە وەکو هەموو لایەك ئەزانین شورای پایتەخت لە سەرەتادا کۆمیتەی کرێکاران بوو ئەرکیشی بەرێوە بردنی مانگرتن بوو ، بەلام وورده وورده لەگەڵ هاتنە پێشەوەی روداوە شۆڕشگێریەکان، شوراش گۆڕا بۆ ناوەندی تەواوی خەباتی پرۆلیتاریا ، بە جۆرێك کە رێنمایی سیاسی دەکرد ، و هەم داخوازیە ئابوریەکانی ئەخستنە روو و هەم رۆڵی سیندەکاکانی دەبینی کەلەو کاتەدا نەبوون ، بەکورتی شورا هێزێکی شۆڕشگێڕی نوێ بوو چا لاکانە خەباتی سیاسی دژی رژیم رێکدەخست لەو هەلو مەرجەدا شورا کەم یا زۆر جێگای حیزبە کرێکاریەکانی وەکو پێشڕەوانی خەباتی چینایەتی دەگرتەوە و هەربەو دەلیلەش مەسەلەی رۆلی شوراو پەیوەندی لەگەڵ حیزبە کرێکاریەکان بە ناچاری دەخرایە روو •

تابگرە لە رۆژی ١٩ ئوکتوبەر ئەو پرسیارە بە شێوەیەکی واقیعی و بەرجەستە خرابووە ڕوو ، لە بابەت کۆتایی هێنان بە مانگرتنی نوێنەرانی بەلشفیك ئەوەیان خستە روو کە پێویستە هاوکاری لە نێوان ئیشو کاری شوراو حیزبی سوسیال ــ دیموکراتی روسیا دروست بکرێ ، لە رۆژی ٢٧ لقی ڤی بۆرگ ی شورا لەو مەسەلەیەی کۆڵیەوە و بریاری دا کە پیشنیاری هەلبژاردنی بەرنامەی سوسیال ـدیموکرات بخرێتە روو ، تا بگرە نوێنەرانی بەلشفیك ئەو مەسەلەیەیان خستەڕوو کە ئەگەر شورا بەو بەرنامەیە رازی نەبی ئەوان لە شورا ئەچنە دەر •

ئەو مەسەلەیە چەندەها جار لە لوکاڵ و کارخانە جۆربەجۆرەکان وتووێژی لەسەر دەکرا و زۆر بە گەرم و گوڕی لێی دەکۆڵرایەوە ، کۆمیتەی یەکگرتووی حیزبی کرێکارانی سوسیال ــ دیموکراتی روسیا کەلەسەر بنچینەی یەکسانی لە بەلشفیك و مەنشفیکەکان پێك هاتبوو بریاری دا پێشنیار بکات کە شورا بە شێوەیەکی روون ( لە بابەت ئەو پلاتفۆرمە سیاسیە رای خۆی بدرکێنی ) شورا لە مەوقیعی تەنگو چەلەمەیەکی گەورەدابوو ، هەرچەندە هیچ ناکۆکیەك لەسەر قبوڵ کردنی

بڕیاردان بۆ هاوکاری لەگەڵ بەرنامەی سۆسیال ـدیموکرات لە ئـارا دا نەبوو ، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری نوێنەران لەگەڵ ئەندامانی حیزب بون یان لایەنگیری بەرنامەکەیان بوون ، بەلام لە شورادا نوێنەری حیزبەـ کانی تریش هەبوون ، بۆ نمونە سوسیال شۆڕشگێڕەکان ، یا کرێکارانی بی لایەن کەلەگەڵ هیچ حیزبێك دانەبوون ، بەلام لە هەمووی دیـــارو ئاشکراتر هاوکاری کردنی لەگەڵ بەرنامەی سوسیال ـدیموکرات کـــە لە بنچینەدا بە هۆی ئەو شورا هاتبوە کایەو ناکۆکی لە ئارادابـــوو ، شورا وەك روخساری تەواوی جەماوەری کریکاران لەیەك رێکخـــراوی خەبات دابـــوو •

پاشان شورا لە وتوویژی کۆتایی ، بەرەچاوکردنی ئەو تێبینیانـــە بڕیاری دا ئەو مەسەلەیە لە دەستوری کۆبوونەوە بباتە دەر ، نوێنەرانی بەڵشفیك سەرەڕای ئەو بڕیارەو سەرەرای ئەوەی کەلەمەو بەر بڕیاریـان دابوو لە شورا نەچوونە دەر •

لە راستیدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی مەسەلەکەیان داپوشی ، کـــە هەمیشە لە کۆبوونەوە گشتیەکان و بڵاوکراوەکانی کرێکاری جێگـــای باس و لێکوڵینەوەی گەرم و گوڕ بوو ، بەلام خستنە رووی ئەو مەسەلەیە بە شێوەیەکی لێبڕاو لە شورای نوێنەرانی کریکاری لە پەترۆســبۆرگ وای لێهاتبوو لە ناسکترین کاتدا دابڕان ( انشقاق) روبدات ، یان لە مابەینی پرولیتاریای پەترۆسبۆرگ شیرازەی رێکخستن بشێوی •

بەگشتی وەکو لە سەرەوە سەرنجمان دایە شێوەی هەڵســوکــەوتــی بەلشفیکەکان ، وە بەرەچاوکردنی گرنگی ئەو مەسەلەیە لە جێگـــای خۆیەتی ئەگەر زیاتر لێی بکۆڵینەوە ، بەم جورە جارێکی تر سەلماندـ یانەوە کە لەکاتی لەوی نەبوونی ( لینین ) سەرکردەکانی بەلشـــفیك توشی هەڵەی زۆر گەورە بوون ، لە سەرەتای دەست پی کردنی کار ئـەو سەرکردانەی بەلشفیك تووشی هەڵەی گەورە بوون ، لەسەرەتای دەســت پی کردنی کارەکەدا سەرکردەکانی بەلشفیك هەلسوکەوتی تەواو نالەـ باریان بەرامبەر شورا هەبوو ، ئەوان دەیانگوت بۆ کاروباری سەرۆکایەـ

تی سیاسی دەبێ بەرنامەی تەواو روون و ئاشکرای سیاسی هەبێ کە ئامانجی سیاسی بەرجەستەی تێ دا دیارکرابێ ، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە شوراکان بە هۆی دروست بوونی سیاسیانەوە ناتوانن رۆڵی سەرۆکایەتی سیاسی ببینن و بە هەر شێوەیەکیش بێ ناتوانن جێگای حیزب بگرنەوە ، ئەوان هەر لەبەر ئەوە دەستنیشانی ئەو مەسەلەیان کرد کەنەبەسترانەوەی شورا بە هیچ یەك لە حیزبەکان دەتوانی بە رێگەی هەڵپەرستیاندا بکێشی و بیگۆرن بۆ ئامرازێکی ساردو سڕ کە بورژوازی بە هۆی ئەوانەوە خەباتی کرێکاران بخاتە یەك قالبی دیار-کراو و بۆ خۆی سوودی لێ وەربگرێ ، ئەگەر لە ئەنجامی ئەو بۆچونە سادەیە ووردبینەوە دەبینین :- شوراکان نەك بۆ پرۆلیتاریا پێویست نین بەڵکو ترسناکیشن ٠

هەرکە لینین گەیشتە پەترۆسبۆرگ کۆتایی بەو هەڵسوکەوتە بێ مانایە هێنا و دەست بەجێ دەرکی بەو گرنگیە گەورەیەی شوراکان کرد و پێشنیاری کرد کە بۆ زیادکردنی توانای حیزب دەبێ لە شوراکان خەبات بکرێ ٠

بێگومان لەبەر ئەوەی هەنگاو هەڵێنانی بە نرخ بۆ رێنمایی وەدیهێنانی کۆمیتەی کرێکارانی سەربە مەنشفیکەکان ، ئەوان گوما-نیان لە ئامانجەکانی ئەو کۆمیتانە دەکرد ، جاکە شورا دروست بوو تێکەڵاوی لەگەڵ ژیانی سیاسی کرد ، مەنشفیکەکان لەدەستی ئەو ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوەی کە پرۆپاگاندەی خۆیان هێنابوویە کایە خراپ راچڵەکین ، هەروەکو چۆن بەلشفیکەکان زۆر مکوڕبوون وداوایان دەکرد لەو بارە نوێ یەدا بەرنامەی سوسیال ــ دیموکرات هەلبژێردرێ، مارتینیف کە یەکێ لە سەرکردەکانی مەنشفیك بوو لە مەقالەیەکدا کە لە ( ناشالو ) چاپ کرا ، دوای ئەوەی رایگەیاند کە شورای نوێنەرانی کرێکاری یەکەمین تاقیکردنەوەی پرشنگداری نوێنەرایەتی بێ لایەنی پرولیتاریایە ، ئاوا درێژەی پێ دەدات :- شوراو حیزب دوو رێکخراوی پرۆلیتاری سەربەخۆن و ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ یەکدا

بمێننەوە ! مەنشفیکەکان لە گرنگی شورا تێنەگەیشتبوون بۆدەسەلات خەباتیان دەکرد ، ئەوەش مەسەلەیەك بوو مێژوو لە دەستووری ڕۆژانە بڕیاری لەسەردابوو ، بەگشتی مەنشفیکەکان شورایان وەکو جۆرە پەر- لەمانێکی کرێکاری دەدیت کە ڕۆلی تایبەتی و دیاری کراوی لە خەباتی نێوان چینەکان و خەباتی جەماوەر دانەبێ •

بەلام لە بابەت سوسیال ــ شۆڕشگێڕەکان لەو ڕووەوە دەبێ بـلێین ئەو حیزبە وردە برژوازیە و لە تەواوی مەسەلە گرنگەکان بۆچوونی دیاری کراوی نەبوو ، لەلایەکی ترەوە تونای ئەو حیزبە لە نێو شورا کان زۆر کەم بوو ، دوای یەك سال ، لە پاییزی ١٩٠٦ سوسیال شۆڕشگێڕ- ەکان تازەبە تازە هاوکاریان لەگەل خالەکانی بۆچوونی مەنشفیکەکان ڕاگەیاند •

سەرەڕای داواکاری ئەنارشیستەکان مۆلەتی ئەوەیان نەدان بێنە نێو شورا ، لینین لە مەقالەیەکدا کە لەبابەت ئەو مەسەلەیە دوپاتەی پەسەندکردنی ئەو بڕیارەی کرد ، بەبڕوای ئەو شورا پەرلەمانێکی کریکاری نەبوو ، بەلکو ڕێکخراویك بوو خەباتی بۆ گەیشتن بە ئاما- نجی دیاری کراو دەکرد ، بۆیە لەو ڕێکخراوە نەدەبوو نوێنەرانی ئەو لایەنانە قەبوول کەن کەلەگەل بنچینەی ئامانجەکانی شۆڕش ناکۆك بوون ، ئەو بیرو ڕایە بەڕای ئێمە زۆر هەلەیە ، بەلشفیکەکانیش لە دواییدا خۆیان ئەو هەلەیان ڕاست کردەوە ، لە شوراکانی ١٩١٧ دا ئەنارشیستەکان وەکو هەموو لایەنگرەکانی دیکە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕ- ی کرێکاران نوێنەریان هەبوو •

لە هەوەلین پرۆژەکانی کەبۆ کونگرەی یەکیەتی حیزبی کرێکارانی سوسیال ــ دیموکراتی ڕوسیا خرایە دەنگدان ، مەنشفیکەکان ئاوا شورایان پیناسەکرد ( ئورگانیکن کاریان یەکگرتنی جەماوەری کرێکا- رانە لە خەبات و چالاکیدا و نوێنەری بەرژەوەندی ئەو جەماوەرە لە پێش هەموو خەلکی تردایە ) •

بەلشفیکەکان بێ ئەوەی نکۆلی لە گرنگی شوراکان وەکو ڕێکخرا-

ویکی جەماوەری بکەن ، دوپاتەیان کردەوە کە کۆمیتەکانی مانگرتنی سادە ، لە خەباتدا ( چرۆی خەباتی شۆڕشگێڕانە ) پەرەی سەندووەو هەر ئەو چرۆیانەن ئێستا بوین بە ( نۆبەرەی دەسەلاتی شۆڕشگێڕانە ) •

## ١٩١٧ : پەیکەری کۆماری شوراکان

پایەکانی رژیمی نوێ کە بەرهەمی شۆڕشی ئۆکتوبەر بوون، شوراکانی شار و لادی بوون ، شوراکانی لادێی هەر بۆ سەد کەس لە دانیشتوان یەك نوینەر و هەر بۆ بیست کەس لە کریکارانی کارخانەکان یا میتال یا کێڵگەی دەوڵەتی یان بنکەکانی سوپاپی جیگیر لەو شوینە یەك نوێنەر هەڵدەبژێردرا ، نوێنەران لە کوبوونەوە گشتیەکانی تەواوی ئەو ناوچەیە کە مافی دەنگدانیان هەبوو هەڵدەبژێردران ، گەرەکە گەورەکان و لادیکان دەیانتوانی لە کۆبوونەوەی جیا جیا هەلبژاردنی خۆیان بکەن، کرێکارانی کارخانە ،کارگوزارانی دامودەزگاکان و بنکەکانی سوپایی جۆربەجۆر هەلبژاردنی خۆیان لە کارخانەکان ، دامودەزگاکان یان بنکەکانی خۆیان ئەنجامدەدا •

یاساکانی کۆماری شورەوی ئۆکرایین و کۆماری شورەوی روسیا پێویستی رێکخستنی شوراکانی نەتەوایەتی لەتەواوی ناوچەکانی کەمە نەتەوایەتی کە جێگای گرنگی پێدان بوون رەچاو دەکرد •

ئەرکە سەرەکیەکانی شورای لادێیی ئەوانە بوون :-

آ ـ هەڵسان بە سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنی تەواوی بڕیارەکانی دەسەلاتی بەرزتر لەخۆی •

ب ـ یارمەتی دانی نوێنەرانی دەسەلاتداریەتی لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە ناوچەکەدا •

ج ـ هەڵێنانی هەنگاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی ئابوری و فەرهەنگی جەماوەر •

د ـ دابین کردن و پارێزگاری کردنی سیستەمی شۆڕشگێڕانەو خەبات

دژی دژبە شۆڕشەکان و دزی و ڕێگری ٠
هـ ـ سوود وەرگرتن لە جەماوەری زەحمەتکیش بۆ پاریزگاری کاریـــزو پرد و خۆتوندکردن دژی کارەساتەکانی سروشتی ٠
و ـ یارمەتی دانی پارێزگاری دارستانەکان ، هێلەکانی ئاسنی،تەلەفون و تەلگراف لە ناوچەی شورادا ٠
ز ـ زامن کردنی هەستی برایەتی تەواو لەسەر زەوی و زارەکان ٠
ح ـ دابەشکردنی زەوی و سەرپەرشتی ئەمبارەکانی دانەوێلە ٠
ط ـ پشتیوانی لە هاوکاری جوتیارانی کێلگە دەولەتیەکان ،دروست کردنی کتێب خانە ٠٠٠هتد ٠
ی ـ یارمەتی دان بۆ لەریشە دەرهێنانی نەخوێندەواری و کاروبـــاری فەرهەنگی لەناو کەمە نەتەوایەتیەکان ٠

هەموو شوراکان بودجەی سەربەخۆیان نەبوو ، بەلام بەهۆی بـوونی ئەو هەموو دەسەلاتە ،دەست ڕۆبوون و مافی ئیمزاکردنی پەیماننامەشیان هەبوو ٠

بەگشتی شوراکان ، بۆ خەریککردنی تەواوی ئەندامانی خۆی لـــە چالاکی بەردەوام ، هەنگاوی هەلێنا بۆ دروست کردنی کۆمیسیونـــی تایبەتی کە لە لایەن خۆیەوە دەیگێڕا ، ئەو کۆمیسسونانە ، بەوەرگرتنی مۆلەت لە شوراکان دەیانتوانی هاوکاری دانیشتوانی کـــــە ئەندامانی شورا نەبوون بەلام لە مافی رای دەستیان دەڕۆیی وە دەست بهێنی ٠ هەر شورایەك کۆمیسیونێکی کۆنترۆلی هەبوو ، کە هەربـەشێوەی خودی شورا هەلدەبژێردرا ٠ وە چالاکیەکانی دارایی لە لایـەن ئەوانەوە سەرپەرشتی دەکراو ، حیسابی ئەوانیش لەبەر دەم کوبوونەوەی فراوانی دانیشتوان دەکرا ٠

شورای شارەکان لە لایەن تەواوی دانیشتوانی ئامادەبوو ، لـــە شوێنی کۆبوونەوە هەلدەبژێردران لە باتی هەر سەد کرێکار ، سەربازی سوپای سوور یان ئەندامانی میلیشیا یەك ئەندام ، وە بۆ هەر سێ سەد

کەس لە فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی و تایبەتی یەك ئەندام یا لە تەواوی توێژەکانی کۆمەڵ ، هەڵدەبژێردران ، ئەرکی شــــورای شارەکان چارەسەرکردنی تەواوی مەسەلەکانی خۆجێ یی و تۆژینەوە لە بابەت گشت مەسەلەکانی کە پەیوەندیان بە باری گشتی یەوە هەبوو •

ئەوانە بودجەی سەربەخۆی خۆیان هەبوو ، رۆڵی چالاکانەیان لــە پەرەسەندن و گۆڕینی باری ئابوری جەماوەر و ژیانی کۆمەلایەتــــی و فەرهەنگی دەبینی ، ئەو بودجەیەش بەبەر خەرجی تەواوی کاروبــاری خوجێ یی رادەگەیشت ( •••• ) ئۆرگانی سەرۆکایەتی شوراو پلنومە-کانی بە لای کەمی ( مانگی جارێك دەبەسترا )ئەرکی پلنوم لێکوڵینەوە و چارە سەرکردنی هەموو ئەو مەسەلە بنچینەییانە بوون کە پەیوەند-یان بە شوراوە هەبوو ، لەگەڵ پەسەند کردنی بودجە ••

کۆبوونەوەکانی شورا ئاشکرابوون ، لە گشت کۆبوونــــەوەکــــان نوێنەرانی کۆمیتەی کارخانەکان و سیندەکاکان و بنکەکانی ســـوپا و تەواوی رێکخراوەکانی کە توانای راوێژیان هەبوو ، بەلام بەبــێ مافی دەنگدان هاوبەشیان دەکرد ، مەبەست لەو کارە ئەوە بوو کــــە پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ کرێکاران دروست کەن ، شورا تا بیتوانیایە کۆبوونەوەکانی خۆی لە کارخانە و ئەنجومەنەکان و شوێنەکانی تـــر دەبەســـــت •

نوێنەرانی شورای شارەکان بۆ ماوەی یەك ساڵ هەلدەبژێـردران ، یانی تا هەلبژاردنی داهاتوو ، ئەندامانی شورا بەبێ ئاگـــاداری سەرۆکایەتی شورا نەدەتوانرا دەستگیر بکرێن بێجگە لە کاتی نائا-سایی نەبی ، بە مەرجی دەبوایە سەرۆکایەتی لەماوەی ٢٤ ســـەعـــات ئاگادار کرابایەوە •

ئەو بەشانەی ئیشوکاریان بەیەکەوە بەستنی جەماوەری زەحمـــە-تکیش بوو لەچالاکیەکانی شورادا گرنگی زۆریان هەبوو ،بریتی بوون لە :-

آ - بەشی کارگێڕی •     ب - بەشی دارایی •

ج ـ بەشی پەروەردەی گشتی • د ـ بەشی تەندروستی •
هـ ـ بەشی بازرگانی و کۆمپانیای هەرەوەزی•
و ـ بەشی پشکنینی کرێکاری و جوتیاری •

لەسەر رەزامەندی شورا ئەو بەشانە دەیانتوانی چالاکیەکانی خۆیان دابەشکەن بو سەر چەند لقێکی سەربەخۆ، وەیا بەشی نوێ دروست کەن (بەشی کارگێڕی ، دادوەری ، نیشتەجێ کردن ، زامن کردنی کۆمەلایەتی ، کشتوکاڵ) • ئەو بەشانە لە مەسەلە بنچینەییە کانی کەلە شوێنە دەسەلاتداریەکان پی یان سپێردرابوو دەکۆلیەوە وبە پێی پێویست بۆ دروست کردنی توندترین پەیوەندی لەگەڵ شوێنە جۆربەجۆرەکان و لە دەسگا دەسەلاتداریەکان و کۆمپانیاکان جالە کۆبوونەوەو کۆمیسیون و کونفرانسەکانی شورا و ئاگاداری دامودەسگا جۆربەجۆرەکان و ووردبوونەوە لەو مەسەلانەی کەلە پلنومەکانی شورا یا سەرۆکایەتی شورا بەبەشەکان سپێردرابوو کۆمیسیونەکانی هەمیشە لەبەینی خۆیان هەلدەبژێردران •

بو سەلامەتی ئەو چالاکیانەی کەلە رووی فەرهەنگی و کارگێڕی بۆ خزمەتی جەماوەری زەحمەتکیش دەکران ، وەبۆ یارمەتی شوراکانی شار لە چارەسەر کردنی مەسەلە بنچینەییەکانی پەرەسەندنی وولات بەرەو سوسیالیزم ، شوراکانی ناوچەیی بە هاورێکی لەگەڵ شورای ناوەندی هەلدەبژێردران ، لەژێر سەرۆکایەتی ئەواندا کاریان دەکرد وە لێپرسراو بوون بەرامبەریان •

دەسەلاتی بەرزی رژیمی شوراکان کونگرەو کۆمیتەی کارگێڕی بوون شورای لادی یان هەر گەرەکێ ، کونگرەی خوجێ یی بەرێژەی بۆ هەر دە ئەندامی شورا یەك نوێنەر هەلدەبژێردرا ، و بۆ کونگرەی مەلبەند تەواوی شورای لادی کان بەرێژەی بۆ هەر هەزار کەس یەك نوێنەر و شورای شار بو هەر دوو سەد کەس یەك نوێنەر بۆکونگرە هەلدەبژێردرا کونگرەکانی هەرێم بەپێی یاسای نوێنەرایەتی خوارەوە هەلدەبژێردران بو هەر دە هەزار کەس لە دانیشتوان یەك نوێنەر (ئەو نوێنەرە لە

کونگرەی ناوچەیی و مەڵبەندی هەڵدەبژێردرا ) •بو هەر دوو هەزار کەس لە شورای شارەکان و کارخانەکان و شورای ناوچەیی و هەرجێ یەکی تر کە هەبوون یەك نوێنەر هەلدەبژێردرا •

بە هۆی نوێنەرانی شورای شار و کۆنگرەی مەلبەندەکان ، بە رێژەی بۆ هەر بیست و پینج هەزار کەس یەك نوێنەر و بۆ هەر ٥٠٠٠ کەس لە هەلبژێردراوەکانی شارنیشین یەك نوێنەر هەلدەبژێردرا ، وە کۆنگرەی شوراکانی کۆماری فیدرالی بە پێی سیستەمی کونگرەکانی ناوچە و هەرێم هەلدەبژێردرێن ، کۆنگرەی سەرتاسەری روسیا کرێکاران، جوتیاران ، سەربازانی سوور ،قەوقازەکان بەم شێوەیەی خوارەوەهەلدەبژێردران:-

آ - لە شورای شارەکان لەسەر بنچینەی لە هەر ٢٥هەزار کەس یەك نوێنەر هەلدەبژێردرا •

ب - لە کونگرەی هەرێمێ بەرێژەی لە هەر١٢٥ هەزارکەس لە دانیشتوان یەك نوێنەر هەلدەبژێردرا •

جیاوازی نێوانی شوراو کۆنگرە ئەوەبوو کە نوێنەرانی شورا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ( بۆنمونە یەك ساڵ ) هەلدەبژێردران ، بەلام نوێنەرانی کۆنگرە بۆ هەر کۆنگرەیەك کە هەلدەبژێردران دوایی کۆتایی هاتن بە کۆنگرەی ئەوانیش دەسەلاتیان کۆتایی دەهات ، لەوە بەولاوە کۆمیتەی کارگێڕی هەلبژێردراوی کۆنگرە دەمایەوە •

بەرزترین دەسەلاتی رژیمی شوراکان کونگرەی شوراکانی یەکیەتی جەماوەری شورەوی سوسیالیستی بو کە لە رۆژی ٢٠ دیسێمبەری ١٩٢٢ بەسترا ، وە ئەرکە بنچینەییەکانی ئەوانە بوون : -

آ - هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کارگێڕی و پەسەندکردنی ئەندامانی شورای نەتەوەکان و هەڵبژاردنی کۆمارەکان و ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی شورەوی •

ب - تەئید کردن و هاموار کردنی بنچینەکانی یاسای هێنانەدی جەماوەری شورەوی سوسیالیستی •

ج - چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی کە بە هۆی دەسەلاتی سەرۆکایەتی

و کۆمیسیونەکان گەیشتبوونە پلەیەك پی یان چارەسەر نەدەکران .
د ـ لێکۆڵینەوەو هاموارکردنی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی کارگێڕی بۆ وەدیهێنانی جەماوەری شورەوی سوسیالیستی ، لەسەر بنچینەی ئەو پیشنیارانەی لەلایەن نوێنەری شوراکان یان شوراکان یا کۆمیتەی کارگێڕی کومارەکانی فیدراڵی کرابوون .

کۆمیتەی ناوەندی کارگێڕی لە شورای یەکیەتی شورەوی و شورای نەتەوەکان پێکهاتبوو ، کە ئەوانەش لە ماف و دەسەلاتدا بە تەواوی یەکسان بوون ، شورای کۆمیسارەکانی گەل دەسەلاتی ناوەندی کارگێڕی بوو ، بڕیار و پەسەندکراوەکانی ئەو شورایە لە سەرتاسەری یەکیەتی شورەوی دەبوایە جێ بەجێ بکری[٧] .

لە یەکیەتی جەماوەری شورەوی سوسیالیستی دا مافی راگیری بە تێکرایی نەبوو ، بەڵکو پرولیتاریا بە هەنگاوی وەدەست گرتنی دەسەلات ، لە ئوکتوبەری ١٩١٧ دا ، بە دیموکراتی بێ ناوەروك فریو-ی نەخوارد و دیکتاتوری خۆی بەرپاکرد ، لە ئەنجامدا داهێنانی چەندیەتی دیارکراو لە مافی هەڵبژاردن کاریکی رەوابوو ، بە پێی یاسای بنچینەی شورەوی هەرکەسێکی تەمەنی لە هەژدە ساڵ زیاتر بوایە جا چی نێر و چی مێ ئەگەر ئەومەرجانەی تیا هاتبایەدی لە هەڵبژاردن دەیتوانی هاوبەشی بکات یان هەڵبژێرێ[٧] :ـ
آ ـ هەرکەسێکی کە موچەی خۆی لە رێگای کارێکی بە سوود یان ئەنجا-می کاری نێو مال یا بە هۆی کاری خەلکی تر لەدەرەوەی ماڵ دەستکەوی (بۆنمونە ژنانی کەیبانۆ یان تەواوی ئەو کەسانەی کە بە بەخێوکردنی منداڵی کریکارانەوە خەریکن و ...هتد . ) .
ب ـ سەربازانی سوپای سوور .
ج ـ هەر کەسێ کە مەرجەکانی (آ) وە (ب) تێدابوایە بەلام توانای کارکردنیان لەدەست دابی .

وە هەروەها ئەو کەسانەی کە نەمافی هەڵبژاردن و نەمافی هەلبژ-ێرانیان هەبوو ، تابگرە ئەگەر لە ریزی پلە بەرزەکانیش بونایە

بریتی بوون لە : ـــ
آ ـ هەر کەسێکی بو قازانج کردن لە کاری کرێگرتە سوود وەربگرێ ٠
ب ـ هەرکەسێکی سەرچاوەی ژیانی دەرامەتێ بێ کەلە کاری شانی خۆی وەگیر نەکەوێ ٠
ج ـ بازرگانی و هۆیەکانی بازرگانی ٠
د ـ قەشە و موچەخۆرە پلەدارەکانی ئایینی ٠
ه ـ کادیر و فەرماندارەکانی پۆلیسی کۆن ، هەروەها ئەندامـــــانـــی خانەدانی پاشایەتی ٠
و ـ کەسانیك کە بەهۆی ناتەواوی لەش یان هۆش لە ژێر چاودێـــــری دانرابێ ٠
ر ـ کەسانیك کە لە لایەن دادگاوە تاوانبار کرابێ ٠

※ ※ ※

میژووی خەباتی چینایەتی تا ئێستا شێوەی لەوە بەرزتری لــــــە کاروباری دەسەلاتداریەتی چینایەتی یا دیموکراسی جەماوەری بەخۆ-یەوە نەدیوە ، ئەوەی کەشایەنی سەرنج دانبێ ئەوەیە ، رەنگە هەنــدێ لە جەماوەری چەوساوە تائێستا ماناو گرنگیەتی واقیعی شوراکـــــان نەزانن ، بەلام بە دروشمی ( تەواوی دەسەلات بۆ شـــــــوراکــــان ) بوو کە پرۆلیتاریای روسیا سیستەمی سەرمایەداری لە ساڵی ١٩١٧ تیکشکاند و لە سەر بنچینەی شوراکان دەسەلاتی خۆی دارشـــــت ، سەرکەوتنی کرێکاران بە پەیدابوونی دەسەلاتیکی توند و تــــوڵـــی کرێکارانەوە بەستراوەتەوە ٠

ئـەنـدرەنـیـن

سەرنج

بنكەی هەنگاو بە پێی باوەڕ بە ئازادی بڵاوكردنەوە خۆی بەبەختەوەر دەزانێت گشت بابەتی وەرگێڕا و بۆ سەر زمانی كوردی لە چاپ بدات ، هەربۆیەش :-

آ - بەرپرسیار نیە لە ناوەرۆكی ئەو بابەتانەی لە چاپیان دەدات •

ب - تەنها دەڕوانێتە شێوەی وەرگێڕان و بەپێزی بابەتەكە •

ئەندرەنین لە ساڵی ١٩٢١ بە نوێنەرایەتی ئەنارشیستەکان هاوبەشی کۆنگرەی جیهانی سیندەکا سوورەکانی کرد، وە لەوێ بە پلەی بەڕێوەبەر هەلبژێردرا ، وە لەساڵی ١٩٣٠ بە دەلیلی ئەوەی گوایا بیرو باوەڕێکی وەکو تروتسکی هەبوو ستالین لە یەکیەتی شۆرەوی وەدەرنا ، کاتێ گەیشتە ئەسپانیا سەرۆکایەتی ئۆپۆزسیۆنی چەپی گرتە دەست تا ئەو کاتەی لەگەڵ بلۆکی کرێکاری ـ جوتیاری ( پوم ) (P.O.U.M) Partido Obrero de Unificacion Ma-rxista .

بەیك گەیشتن ئەوبیروباوەڕەی هەر هەبوو ، لە پایزی ساڵی ١٩٣٦ داکاتێ حکومەتی خۆجێ یی (کاتۆلینی ) دروست بوو ، ئەندرەنین بە پلەی وەزیری دادوەری بەشداری تێداکرد ، ئەوەش یارمەتی دەریك بوو بۆ ئەوەی لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە داببڕی کە ئەوەش هەر لەکاتی دروست بوونی ( پوم ) و هاوبەشی کردنی لەگەڵ بەرەی نەتەوایەتی دەستی پێکردبوو ، لە دوای راپەڕینی مانگی مای ١٩٣٧ دا لە شاری بەرشلۆنە ئەندرەنین لە لایەن ستالینیستەکان دەستگیر کراو بێ سەرو شوێن چوو و کوشتیان •

PUBLISHER OF KURDISH CULTURE
بنکەی هەنگاو
HANGAW
بۆبڵاوکردنەوەی رۆشنبیری کوردی